# ئاگر

موئەیەد تەیب

## ئەو دێو و درنجەی مرۆڤ ماڵیی کردووە و خستوویە گیرفانی خۆیەوە

هەر لە کۆنەوە ئاگر سیحرێکی تایبەتی هەبووە لای مرۆڤەکان و بە چاوێکی پیرۆزەوە سەیریان کردووە و لە زۆر ئایینی کۆنیشدا پەرستراوە.

لە ئەفسانە کۆنەکانی گریکی (یۆنانی)دا هاتووە کە لە سەرەتادا خواوەندەکان ئاگریان تەنیا بۆ خۆیان داهێنابوو و مرۆڤیان لێ بێبەش کردبوو، بەلام مرۆڤێکی پاڵەوان بە ناوی (پرۆمیسیۆس) توانی بە چیای (ئۆلیمپۆس)دا هەڵگەڕێت و ئاگر لە خواوەندەکان بدزێت و بیکاتە دیاری بۆ مرۆڤ.

ئاگر بە ملیۆنان ساڵ بەر لە مرۆڤ لەسەر زەوی هەبووە و یەکەمین ئاگرێک کە هەڵگیرساوە یان لە ئەنجامی بروسکەیەک بووە یان تەقینەوەی گڕکانێک یاخود ئەستێرەیەک کشاوە و پشماوەکانی گەیشتوونەتە زەوی و ئاگر داگیرساوە.

مرۆڤی پێش مێژوو ئاگریان دەناسی و زۆریش سامیان لێ دەکرد، چونکە دەیانزانی هێزەکەی چەندە. بەلام بەرەبەرە زانیان چۆن ئەم دێوە دەستەمۆ بکەن و بۆ گەرمکردن و چیشتلێنان و تواندنەوەی کانزای جیاجیا و دروستکردنیشمشێر و تیر و قەڵغان و هەندا ئامێری تر بەکاری بهێنن.

ماڵی کردنی ئاگر و فێربوونی چۆنیەتی داگیرساندنی ئاسۆی نوێی لە پێش مرۆڤایەتی کردەوە و شوێنی ژیانی مرۆڤی فرەوانتر کرد و بەهۆی ئاگرەوە توانی لە شوێنە بەفرینەکانیش بژیت.

ئێمە نازانین کەی ـ بۆ یەکەم جارـ مرۆڤ ئاگری بەکارهێناوە. بەلام ئێمە دەزانین کە پێش (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار ساڵ ((مرۆڤی پەکینی))، کە لە چین دەژیا، ئاگری بەکاردەهێنا.

لەو وێنانەی کە مرۆڤی کۆن لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشاونی، دەزانین کە ئەوان چەند ڕێگایان بەکارهێناوە بۆ داگیرساندنی ئاگر، کە ئەمانەن:

١ـ بەیەکداخشاندنێکی توندی دوو پارچە دار تا گڕیان دەگرت.

٢ـ کونێکی بچووکیان لە دارێکدا هەڵدەکەند و دارێکی باریکیان دەهێنا و سەرەکەیان وەکو قەڵەم تیژ دەکرد و دەیانخستە ئەو کونەوە و بە هەردوو دەست بنی دارەکەیان بادەدا تا گڕی دەگرت و بە دەوریدا هەندا پووشی ئاسکیان کۆدەکردەوە، ئاگر ئەو پووشەی دەگرت.



٣- پێکدادانی دوو بەرد کە پڕووشکیان لێدەردەچێت، بەو پڕووشکانە بۆ کاتێکی درێژ ئاگریان بەردەدایە پووشێکی ناسک و بە ئاگری کزی ئەو پووشکە ئاگرێکی گەورەتریان دادەگیرساند، ئەم ڕێگایەی دوایی لە ئاگرکردنەوەدا بەربلاوترین ڕێگا بوو لە هەموو جیهان و زیاتر لە ٣٠ هەزار ساڵ مرۆڤ بەکاری هێناوە و تا سەدەی نۆزدە بەردەوام بووە. دواتر کبریت داهێنراوە و شخارتە دەرکەوتووە.



بەلام هێشتاش لە زۆر شوێنی جیهان وەک دارستانەکانی ئەفریقیا و باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا و ئەمریکای باشور خەڵکێک هەیە کبریتیان پێنەگەیشتووە و بە هەمان ڕێگەی پێشان ئاگر دەکەنەوە.

ئێمەی کوردیش تا ئەم سالانەی دوایی بۆ ئاگر کردنەوە ئەستێ و بەردمان بەکاردەهێنا.

## ئەستێ و بەرد چین؟





ئەستێ و بەرد لە سا شت پێکدێن:

ئەستا و بەرد و پووش.

ئەستا ئاسنێکی چەماوەیە لە شێوەی سێگوشەیەکدا، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

بەرد، پارچەیەک بەردی سوانییە(لووس و ساف).

پووش، لاسکی ووشکبووی گژ و گیایە کە زوو گڕ دەگرێت .

## چۆن ئاگر بە ئەستێ و بەرد دادەگیرسێت

چۆن ئاگر بە ئەستا و بەرد دادەگیرسێت؟

مرۆڤ ئەستا لە بەرد دەدات و ئەو پڕووشکانەی لێی دەردەچن بەر پووشە وشکەکە دەکەوێت تا ئاگر دەگرێت، پاشان هەندێک گیای وشک زلوکەی باریک دەخاتە سەر ئاگرەکەو ئاگرێکی گەورەتری لێ هەڵدەگیرسێنێت.